# حەمەی ئاسنگەران ئاسنی سارد دەکوتێ!!

عمری خطاط
omerxatat@lycos.com

بەرلەوەی بچمە سەر ناوەڕۆکی باسەکەی حەمەی ئاسنگەران کە لە شەوی 10/9ی ئەم مانگەدا لە پالتۆك پێشکەشی کرد، پێم خۆشە ئەوە بڵێم کە بەداخەوە سەرانی تازەی حککا نەك لەڕووی سیاسی و حیزبیەتی کۆمۆنیستییەوە پیادەی بچوکترین سوننەتی حیزبیی کۆمۆنیزمی کرێکاری یان خستە لاوەو زەربەی گەورەیان دا لەم بزووتنەوە تۆکمە حیزبییەی چینی کرێکارو حککایان بە عەمەلی شەق کرد، بەڵکو خەریکیشن بۆ پەردەپۆش کردنی ئەم تاوانەو چەسپاندنی زیاتری سوننەتی چەپیی و لاکەوتەیی و گێرانەوی ڕیوایەتی "شەقبوون" بە قازانجی هەر ئەم سونەتانەی خۆیان، پەنا دەبەنە بەر بوختان و درۆکردنی ئاشکراو تەنانەت سوکایەتی کردن بە کەسانێك کەلەمێژووی سیاسی خودی حککاو کۆمەڵگەی ئێران وناوچەکە نەخشی بەرچاویان هەبووە لە دیفاعی سەرسەختانە لە کۆمۆنیزم و وەستان لە پاڵ چینی کرێکارو بزووتنەوەی ئازادیخوازی و عەدالە تخوازی کۆمەڵگە.

ڕاستی یەکەی من ناتوانم لێرەدا وەڵام بە هەموو ئەو تۆمەتە ناڕەواو و درۆیانە بەمەوە کە جەنابی ئاسنگەران لە سیمینارەکەیدا فڕێ ی دان، خۆشبەختانە هەموو ئەو کەسانەی کە دەستیان هەڵبڕی بە دژی ئەوو بە قازانجی سوننەتەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری قسەیان کرد، من لەم نووسینەدا دەچمە سەر هەندێ خاڵ کە وەك سەرنج لای خۆم یاداشتم کردوون.

سیمینارەکە لە دوو بەش پێك هاتبوو یەکێکیان تایبەت بوو بە "کۆنگرەی پێنج" و ئەوی تریان بە جێگەو ڕێگەی "فراکسیۆنی چەپ" لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق". سەبارەت بە کۆنگرەی پێنجی حککا کە هەموومان دەزانین بەس ناوی کۆنگرە بوو ئەگینا هیچ خەسڵەتێکی نەك سیاسی بەڵکو قانونیشی نەبوو، کۆبوونەوەی گشتی بوو زیاتر بۆ هات و هاواری "زندەباد حمید تقوایی"، هیچ شەرعیەتێکی نەبوو چونکە کۆمیتە مەرکەزی نەك هەر بڕیاری لەسەر نەدابوو، بەڵکو بەسەر لاشەی ئەو و دوای کوشتنی ئەو بڕیاری لەسەر درا، ئۆرگانە حیزبییەکان هەڵوەشێندرایەو لەیەك وشەدا حیزبتان فەلەج کرد.بە خاتری چی؟ بە خاتری دەرکردنی ڕاست؟!!. بە دەنگی بەرزیش هاوار دەکەیت کە مەسئولیەتی انشعاب دەکەوێتە ئەستۆی ئەوان!! کێ ئەمەت بە تمەنێك لێ وەردەگرێ!؟

پێکهێنانی حیزبی سیاسی خاوەن بڕیارو قودرەت بۆ بەدەست هێنانی دەسەڵاتی سیاسی، فەلسەفەی بوونی حیزبی سیاسییە و مەنسور حیکمەت تا دوارۆژەکانی تەمەنی بۆ ئەمە کاری دەکرد و هەمیشە لە ڕەخنەی بەردەوامدا بوو بۆ گۆڕانی حککا بەو حیزبە، بەڵام چەندە ئەم مەیلە لە حککا دا مێژووی هەیە، لە پاڵیدا هەمیشە مەیلی چەپێك هەبووە کە تێڕوانینی بۆ دەسەڵات لەدەرەوەی چوارچێوەو باسە پایەییەکانی مەنسور حیکمەت و کۆمۆنیزمی کرێکاریدا بووە، بەبوونی کەسایەتی مەنسور حیکمەت، ئەم چەپە بێ دەنگ و بێ نەخشەبوو، بەڵام دوای مەرگی لەناکاوی مەنسور حیکمەت، خۆی کۆکردەوە و مەیدانی بۆ پەیدابوو.

کۆڕشی مودەرسی پێش دوو ساڵ هات و باسێکی هێنا و کردی، پێش ئەویش مەنسور حیکمەت کردی و لە پلینۆمی چواردە ڕایگەیاند کە ئەم حیزبە بە چەپی سوننەتی نزیك ترە وەك کۆمۆنیزمی کرێکاری، وەك وتم ڕیشەی ئەم باسە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای پێکهێنانی حککا وهەمیشەش دەست و پێ گیر بووە. کۆڕش هات و لە هەست کردن بە مەسئولیەتی خۆی بەرامبەر کۆمۆنیزمی کرێکاری و چارەنووسی حککا و لەبەرامبەر بێ دەنگی و ڕەوتی کیسەڵ ئاسای ئێوە ئەم بەحسەی هێنا. خۆی دەڵێ ئەمە لە هیچ باشترە!!، پاش ئەو بەحسەش بووە لیدەری حککاو بە شەهادەی کۆنگرەی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

چوارو حمید تقواییش، کۆرش لە دوای مەنسور حیکمەت ئەو کەسە بوو کە حککای بێ مەنسور حیکمەتی نەك وەك خۆی ڕاگرت، بەڵکو هەڵسوڕانەکانی و مەیدانەکانی خەباتی فراوانتر بوو، وە قەدەردانی لێکرا. لە چ مەیدانێك و کاتێکی لیدەری خۆیدا، کۆرش حیزبی بەرەو ڕاستی کۆمەڵگە برد، لەگەڵ حجریانی و مجلس موئەسەسان دا بەشدار بوو، وە سۆسیالیزمی سپارد بە سبەینێ!! ئەم قسانەت زیاتر ئاوەژووکردنی ڕاستیەکانە. دەشێ موافق یان موخالیفی بەحسەکە بیت، یان دەشێت ئەو بەحسە ببێتە سیاسەتی ڕەسمی حیزب یان نەبێت، بەڵام ئێوە ئەمەتان نەکرد، هوهاتان کێشاو پێش هەر وەڵامێکی سیاسی کە "نەتان بوو"، دەستان کرد بە شەخسیەت شکاندنی و ناوبردنی بە ڕاست و حجریانی و تەنانەت تەرەفداری جمهوری ئیسلامی!! ئێوە تاوانی گەورەتان ئەنجام داوە و بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری هەروا بە ئاسانی لێتان خۆش نابێت، ئەوەی ئێوە کردتان بە بۆرژوازی نەکرا، ئێوە گەورەترین و ڕۆشنترین حیزبی مارکسیستی ئەم سەردەمەتان کردە دوو کەرت، ئێوە حیزبەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری کە مەنسور حیکمەت لە ماوەی زیاتر لە 10 ساڵ داینا وە بووە هۆی پێك هێنانی دوو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کاریگەر لە ناوچەکە، لەماوەی کەمتر لە 2 مانگ وەك ڤایرۆس کەوتنە گیانی و قاچێکتان شکاندین!! دوای ئەوەش هاتوویت و ڕوو قایمانە دەڵێی کە ئێمە ئێستا بەهێزتر بووین!! "*سرعەتی سیاسەتی ئێمە لە دوای کۆنگرەی پێنج قابیلی موقایەسە نییە!!*". هیوادارم وابێ، بەڵام من لەم شیعارانەی تۆ بە گومانم..ئەگەر وایە تۆ ئەبوایە ئێستا لەبەر کار زۆری و فریانەکەوتن و وەڵام دانەوە بەو مەیدانە فراوانە نەتپەرژایەتە سەر تەنانەت ژیانی تایبەتی خۆشت، بەڵام شەوو ڕۆژ لە پاڵتاك کەوتوویت و تاکە مەیدانێك کە بۆیان دیاری کردوویت مەئموریەتێکی فاشلە بۆ تێك دانی ڕیزەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق.

هەر ئەم باسە دەمانباتەوە سەر باسی دووەمی سیمینارەکەت کە ئەویش باسی " فراکسیۆنی چەپە لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق". بە داخەوە ئەم باسەشیانت بە دوور لە ڕاستیەکان و زیاتر بە ڕیوایەتی خۆت دەگەڕێتەوە نەك خودی ئەوەی کە چی ڕوویداوە!!

ئاسنگەران دەڵێ: " *فراکسیۆن پێش کۆنگرەی حککا، زۆر پێشتر ڕاگەیەنرابوو*!!" یان " *حککع بە خاتری اختلاف نەزەر ئەو ڕەفیقانەی فراکسیۆنیان دەرکرد، ئەمە غەیرە سیاسی یە*". جارێك لە پێشدا با ئەم دوو خاڵە هەڵسەنگێنم دواتر دەچم سەر قسەکانی تری ئاسنگەران.

فراکسیۆنێك کە ئێوە بۆ تێك دانی حیزبی ئێمە پێکتان هێنابوو، ڕۆژی 14ی ئەیلول ڕاگەیاندنی خۆی ناربوو بۆ مەکتەبی سیاسی بۆ موافەقەت لەسەری، پێش ئەوەی کە مەکتەبی سیاسی وەڵامی داواکەیان بداتەوە و ڕێك دوای 4 ڕۆژ، واتە لە 09/18 و لە کۆنگرەکەی ئێوەدا اعلانی خۆی کرد. واتە پێش ئەوەی بە نوسراوەی ڕەسمی لە لایەن م.س ی حککع وە وەڵام وەربگیرێتەوە، ئێوە شەرعیەتتان پێ دا!. کە ئەڵێیت "زۆر پێشتر"، خەڵك بە مانگ و ساڵ لێت وەردەگرێت کاك ئاسنگەران!!

دەڵێیت ئێمە بە خاتری جیاوازی نەزەر ئەو هاوڕێیانەی فراکسیۆنمان دەرکرد. خۆت باش دەزانیت کە وا نییە، خراپ دەکەیت کە پەنا دەبەیتە بەر ئەم شێوازە کە ڕاست نییە. ئەوان بە خاتری جیاوازی نەزەر دەرنەکران، هەر لەم دەورانەدا حیزبی ئێمە بۆ ئاگاداربونی تەواوی تەشکیلات و ئەندامانی حیزب و بەشدارکردنیان لە کێشە دەروونیەکانی ناو حیزب لە ئەوروپا و کەنەداو ئوسترالیاوە بگرە تا بەسرەو بەغدا زۆرترین کەناڵی فەراهەم کردبوو بۆ ئەوەی هەموو ئەندامانی حیزب مافی ئەوەیان هەبێت کە بۆچوون و نەزەری جیاوازی خۆیان بەیان بکەن، تەنانەت خودی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی هەستان بە گرتنی چەندین دانیشتن لەگەڵ تەشکیلاتەکانی حیزب لە گشت وڵاتان، سیمیناری کادرانمان گرت لە وڵاتی فینلاند، بەڵام چوار کەسەکەی فراکسیۆن نەك ئامادەی ئەم باسە گەرم و گوڕانە نەبوون تەنانەت بایکۆتیشیان کرد!

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەوان نەهاتن و پلاتفۆرمی خۆیان بدەن بە گوێی هاورێکانی خۆیاندا، نەك لەبەرئەوەی ئێمە ڕێمان لێ گرتن وەك ئێوە دەڵێن، نەء، لەبەرئەوەی خۆشیان دەزانن کە پلاتفۆرمێکیان نییە! فراکسیۆن ئەگەر بەرنامەو پلاتفۆرمی خۆی هەبێت، خەتی سیاسی و تەنانەت ستراتیجی جیاوازیش لە خەتی ڕەسمی حیزب هەبێت، ئەوا حیزبی پێ بەهێز دەبێت..بەلام ئەوان ئەمەیان نییە، فراکسیۆنەکەی ئەوان تەنها بۆ دیفاع کردنە لە ئێوە و هیچ پەیوەندییەکی نە نزیك نە دووری بەو مەسەلانەوە نییە کە من باسم کردن، تەنانەت قسەکانیان وە هەڵوێستەکانیشیان پەیوەندی بە پرۆژە سیاسیەکانی حککع دوە نییە لە عێراقدا، ئەمە فراکسیۆنێکی ئێوەیە و بە بانگەوازی ئێوەش وە بۆ مەبەستی شەق کردنی حککع دروستتان کردووە، ئەمە ئێوە بە ئاشکرا بانگەوازتان بۆی کردووە و تا ئێستاش هەر بۆی دەکەن.

دەرکردنی ئەو هاوڕێیانە بەداخەوە ئەنجامی تێك شکاندنی مەوازین و ئوسوڵە حیزبیەکانی حککع بوو، نەك بەیانکردنی خیلافی سیاسی وەك ئەوەی ئێوەو خانم ئازاری ماجیدی بانگەشەی بۆ دەکەن. ئەوان مەوازینی حیزبیان پێشێل کرد، وەك ئەندام و کادرانی حیزب هاتنە کۆنگرەی ئێوەوەو ئیمزایان دا لە قەتنامەکەی کۆنگرەتان بۆ تێك دانی حککع، ئیمزایان لەدژی ڕابەرایەتی کۆکردەوە، پێش ئەوەی لە حیزبدا فراکسیۆنەکەیان شەرعیەت وەرگرێت، ئەوان بردیانە دەرەوەی حیزب و بۆ کۆمەڵگە بلاویان کردەوە، هەر کەسێك ئەم کارانە لەناو هەر ڕێکخراوی سیاسیدا ئەنجام بدات سەرئەنجام هەر بە دەرکردن چارەنووسی تەواو دەبێت، خۆ ئێمە سوونەتی ئێوەمان نییە بچین لەسەر خیلاف نەزەر هوها بکێشین و تەسفیەی نەزەری موخالیف بکەین وشەخسیەت و حەیسیەتی هاوڕێیانی بیست و پێنج ساڵەی تەنیشت دەستمان بشکێنین، ئێوە هەموو ئەمانەتان کرد، ئێمە ئەمانەمان بەم هاوڕێیانەی خۆمان نەکردووە و ناشیکەین، لانی کەم زیاتر لە 12 ساڵە لە بزووتنەوەی چەپ و دواتریش لە ڕیزەکانی حککع دا هاوڕێ و هاوسەنگەرمان بوون و دڵمان بەیەکەوە بۆ ئەم بزووتنەوەیەو ئەم حیزبە لێی داوە. بەلام ئیتر حیزب حیزبە و مەوازینەکەشی هیچ کەس لە قائیدە دەرناکات.

وەك ووتم ئاسنگەران سەرباری ئاوەژووکردنی ڕاستییەکان و پەنا بردن بۆ شێوازی نزمی سیاسی، کۆمەڵێك اهانەت و سوکایەتی بە ڕابەرایەتی و کادر و ئەندامانی حککع کرد کە بووە مایەی وەلام وەرگرتنەوەی توند لەلایەن ئامادەبووانی ژوورەکەوە، ئەو وتی: "*ئێوە سیاسەت ناکەن، تەنها مەوازین و ئوسوڵ بۆتان موهیمە*"،یان "*کادرانی حککع لە کۆمۆنیزمی کرێکاری تێنەگەیشتوون*".

سەبارەت بە مەوازین و ئوسوڵ، ئەگەر لە حیزبێکی سیاسیدا مەوازین و ئسوڵی حیزبی غائیب بو، هەموو شتێکە حیزب نییە، ئێوە بۆ جێگیرکردنی سونەتی چەپی لە حککادا، ناچاربوون ئوسوڵ و مەوازینە حیزبیەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری پێشێل کەن. پاراستنی ئوسوڵ و مەوازینی حیزبی یانی ئاستێکی بەرز لە سیاسی بوون نەك بە پێچەوانەوە.. بۆ تێگەیشتنیشمان لە کۆمۆنیزمی کرێکاریش، تەنها هەڵبژاردنی سیاسیمان و پشتگیری کردنمان لە حککا _ حیکمەتیست، مایەی تێگەیشتنی ئێمە لە کۆمۆنیزمی کرێکاری و سونەتەکانی دەردەخا.

یان دەڵێ "*ئێوە ڕەفاقەت و دۆستایەتی اختیاری سیاسیتانە*". یانی ئێمە بۆ پشتگیریکردنمان لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری _ حیکمەتیست، ئەوە درکی سیاسیمان نەبووە بۆ بڕیاردان بەڵکو ڕەفاقەت و دۆستایەتی بووە!! ئەمە چ مەنتقێکی سیاسییە ئاسنگەران پەنای بۆ دەبەیت... نا، کادران و ئەندامانی حککا بۆ ئەم هەڵبژاردنە سیاسیە ئەو پەڕی دیقەتیان کرد، هەڵبژاردنی سیاسی بۆ ئێمە، لە پاراستن و بردنە پێشەوەی حیزبیەتی کۆمۆنیزمی کرێکارییەوە سەرچاوەی گرتووە، نەك لە یەکدەستە کردنی نەزەراتی فیرقەیی.

یان دەڵێ موشکیلەی ئێوە ئەوەیە کە زۆربەتان فارسی نازانن بەمەش ئاگاداری بەحسەکان نین...یان قسەکانی ئێمە ناگات بە ئێوە و یەك لایەنە دەڕوات و ڕابەرایەتی حککع ڕێگرە.... ئەگەر ئێستا ساڵانی هەشتاکان بوایە و سەردەمی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کاغەزی "رایز" و کاربۆن بوایە هەقت بوو گلەییەکی لەو جۆرە بکەیت و بلێیت رابەرایەتی حککع رێگرە لە گەیشتنی بەحسەکان بە ئەندامان و کادرانی خوارەوە..سەرلێشێواوی ئاخیری خێربێت ئاسنگەران.....

گرنگترین پەیام کە ئاسنگەران بەرامبەر بە حککع رایگەیاند ئەمە بوو: پەشیمان ببنەوە، ئەگەر نا، ئەوا ئێمە نایەڵین پەرچەمی کۆمۆنیزمی کرێکاریی لە ئەرز بدرێ...

ئەم بانگەوازەی ئاسنگەران چەندە چەسپاندنی ئەو هەوڵ و پیلانانەیە کە رابەرایەتی حککا ماوەیەکە لە دژی حککع بەڕێی خستووە، لەلایەکی تریشەوە بەڵگەی نەزۆکی و بێ بەرهەمی هەوڵەکانی ئەوانە لەم راستایەدا، ئەوان چاوەڕوانی ئەوە بوون کە لە رووداوەکان و جیابونەوەکانی ناو حککا لانی کەم لە 30% یان 40%ی هێزی حککع بەرن، بەڵام راستیەکەی ئەوەی لەگەڵ ئەوان رۆشت 1% یش نەبوو، راوەستاوی و چاوکراوەیی رابەرایەتی و کادر و ئەندامانی حککع ئەم هیوایەی ئەوانی برد بە ئاسماندا، هەربۆیە کەوتونەتە هەڕەشە لێمان و پێیان وایە کە بە لەت و پەت کردنی حککع هەنگاوێك لە سوسیالیزم نزیکتر دەبنەوە.

ڕاستییەکی تاڵ و سادە هەیە ئەبێت ئاگاداری بیت ئەویش ئەوەیە کە تازە ئێمەو ئێوە دوو حیزبی برا و سەر بەیەك سونەتی کۆمەڵایەتی نین، ئێمە ئێوە بە کۆمۆنیزمی کرێکاری ناناسین، دەشێ وەك دوو حیزبی سیاسی مامەڵە بکەین، بەڵام پیلان گرتن و تێکدانی ریزەکانی حککع لایەن هەرکەسێکەوە بێت، بە دوژمنایەتی دادەنێین و هەرکەس و لایەنێك ئەم کارە بکات دەکەوێتە بەر وەڵامی شایستەی ئێمەوە.

12.10.2004

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com